نیشتیمانێکی سەربەخۆ          کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر          جیهانێکی باش

حزبی رزگاریی کوردستان
مەکتەبی سیاسی

Rizgary Party of Kurdistan
Political Burea

# هەڵەبجە بە زیندووی لەویژدانی مێژوودا دەمێنێتەوە

***کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان!***

***ئازادیخواز و رزگاریخوازان.***

سی و سێ ساڵ لەمەوبەر و لەرۆژی ١٦ی ئازاری ١٩٨٨، فرۆکە جەنگییەکانی رژێمی بەعس زۆر بێبەزەییانە شاری هەڵەبجە و دەڤەری شارەزووریان کیمیاباران کرد، بەوهۆیەوە زیاتر لە پێنج هەزار مرۆڤی لاشەرِ بوونە قوربانی، دە هەزاری دیکەش بریندار بوون و زۆرینەی دانیشتووانەکەیشی ئاوارە و پەرِاگەندە بوون، ئەمرِۆ بەخەمناکیەوە یادی ئەو مرۆڤە پاکانە دەکەینەوە کە بەهۆی کوردبوونیانەوە لەلایەن سەرانی بەعسەوە کرانە ئامانج و شەهید کران، یادی ئەو شارە دەکەیینەوە کە سی و سێ ساڵ لەمەوبەر بەمەبەستی سرینەوەی لەسەر نەخشەی جیهان، زۆر درِاندانە هێرشی کرایەسەر، بەڵام ئەمرِۆ وەک سیمبۆلی بەرخۆدانی دژ بە زۆرداری و داگیرکاری لەمێژوودا تۆمار کراوە، هەڵەبجە بیرەوەرییەکی زیندووە و بۆ هەمیشە لە ویژدانی تێکۆشەران و ئازادیخوازاندا دەمێنێتەوە.

حزبی رِزگاریی کوردستان لە سی و سێیەمین ساڵیادی کیمیارانکردنی هەڵەبجەدا رەخنەی توونـد لە بەرپرسانی کوردستان دەگرێ، چونکە وەکو پێویست ئاوریان لە شاری هەڵەبجە و بنەماڵەی قوربانیان نەداوەتەوە، بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە هەنگاوی کردەییان هەڵنەگرتۆتەوە و بە فەرامۆشیان سپاردووە؛ هەروەها دەستەڵاتدارانی هەرێم نەیانتوانیوە حکومەتی بەغداد ناچار بکەن تا قەرەبووی خوێنی قوربانیان بکاتەوەو ئاوەدانکردنەوەی شارەکە لە ئەستۆ بگرێ. هەر بەم بۆنەیەوە حزبی رِزگاریی کوردستان، داوا لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە مرۆییەکانی جیهان دەکات کە چیتر خۆیان لەئاستی ئەو کارەساتە نەبان نەکەن و وەک جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان بیناسێنن، دەنا تاوانی بۆردومانکردنی هەڵەبجە وەک گەواهیدەرێکی مێژوو دەمێنێتەوە، خەمساردی و خۆنەبانکردنی جیهانی بەناو دیموکراسی و بانگەشەکارانی مافی مرۆڤ بە نەوەکانی داهاتوو دەناسێنێ و پەردە لە رِوویان هەڵدەماڵێ و نەفرەتیان لێدەکات.

***نەمری بۆ ئەو مرۆڤە لاشەرِانەی کە بە چەکی کیمیاوی هێرشیان کرایەسەر و شەهید کران.***

***سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رِێی رِزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.***

١٦-٣-٢٠٢١

www.rpk93.org          rpk93@hotmail.com          Tel:07709146464
هەولێر/ گەرِەکی ئازادی، شەقامی سەرەکی، بەرانبەر دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ